ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

پاسکال پێرینۆ

# من ئازار دەچێژم، کەواتە هەم!

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت | لێدوانی تیۆریک

ناوەندی چاودێریی ئێتیکی زانکۆیی | The Observatory of University Ethics



# من ئازار دەچێژم، کەواتە هەم!

پاسکاڵ پێرینۆ

ناوەندی چاودێریی ئێتیکی زانکۆیی (Observatory of University Ethics)

سێپتامبری 2024

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

لێدوانی تیۆریک

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

ڕانانێک بۆ دووایین کتێبی بیرمەندی فەڕانسی پاسکاڵ برۆکنێر بەناوی "من ئازار دەچێژم کەواتە هەم: پۆرترێتی قوربانییەکی بەپاڵەوانکراو"[1]

دووایین بەرهەمی پاسکاڵ بروکنێر دەپەرژێتە سەر پرسێکی جەوهەری لە جیهانی هاوچەرخی ئێمە و پرسی **قوربانیخوازیی** کە بەهێمنی کۆی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان [و جیهانی]  گرتۆتەوە. لە کەفوکوڵی یادەوەرییەک کە دووایین خولی سەرۆکایەتی ئیمانوئێل ماکرۆنی گیرۆدە کرد تا دەگاتە زۆربوونی بازرگانی بە قوربانیخوازیی کە زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی نیو-فێمێنیست، دژە-ڕەیسیزم، لایەنگری فەڵەستین و گروپی LGBTQ ـی گۆڕیوە. برۆکنێر باسی پرۆسەی بەپاڵەوانکردنی قوربانی و فراوانبوونی ناڕوونی پانتایی قوربانی دەکات کە تیایدا «تەنانەت خاوەن ئیمتیازەکان دەتوانن خۆیان بە قوربانی ببینن.» بەپێی هەستیاری چەپەکان لەسەر وشەکان کە باسی ئاوێتەبوونی خەباتەکان دەکەن، و لە ژێرِ دەسەڵاتی ئێمپراتۆریای ووکیزمدا، ئاوێتەبوونێکی هەمەجۆری ئازاریی قوربانی درووست بووە. لێکۆڵینەوە لە سکاڵا لە زانکۆکانی ئەمریکا ڕوو لە گەشەیە و فراوانبوونی شەڕ و ململانێی لەگەڵ هەموو ئەو ئازارانەی کە بە "دەستدرێژی" و "میکرۆ-دەستدرێژی" پۆلین کراون، لێکەوتۆتەوە و دێپارتمانە بەحەماسەکانی DEI (فرەیی، یەکسانی و گشتگیری [diversity, equity, inclusion] لە بچووکترین دەرکەوتنی خۆیاندا، بەسەریەوە چاودێرن و ڕاوی دەکەن. لە فەڕانساش، لە زانکۆ و کۆمەڵگەدا، ئەم پرۆسەی فراوانبوونی پانتایی قوربانیخوازییە، ڕوو لە گەشەسەندنە.

لای پاسکال برۆکنێر، ئەم گیرۆدەییە خێرایە بەهۆی گۆڕینی تێڕوانینی ئێمە بۆ **بەدبەختی** ڕووی داوە. ڕۆحی سەردەمی ڕۆشنگەری لە نێو باوەڕهێنان بە جیهانی باشتر و دەربازبوون لە جەبر و دەمارگرژی جێگیر کردبوو؛ لە ساڵی 1794، چەند مانگ پێش ئەوەی بە گیۆتین سەری بپەڕێنن، سانت جوست ڕایگەیاندبوو: «بەختەوەری لە ئەورووپا بیرۆکەیەکی نوێیە.» ئەمڕۆ وادێتە بەرچاو کە ئێمە دەستبەرداری ئەم بیرۆکەیە بووین و کۆمەڵگەیەکی "سکاڵا و بۆڵەبۆڵ" درووست بووە. وەکچۆن ماکس شیلێر لە ساڵی 1923 و لە کتێبی "مرۆفی ڕق لەدڵ"دا شی دەکاتەوە: ڕقلەدڵی بووەتە مەیلی زاڵی هیومێنتاریانزیمی (humanitarianism) مۆدێرن. لە کۆمەڵگەی "بەردەوام نیگەران"دا، هەموو هەوڵێک دەبێتە ئازار و بازاڕێکی ڕاستەقینە بۆ بەدبەختی درووست دەبێت. لە شیکاری پاسکاڵ برۆکنێردا، دەنگدانەوەی لێکۆڵینەوەکەی میشێل شنایدێر دەبیستین کە پێی وابوو دەوڵەتی خۆشگوزەران (welfare State) بووەتە دایەگەورە (دایەگەورە: سایکۆپاتۆلۆژیی ژیانی سیاسی 2022) کە ڕووبەڕووی ئەو هاووڵاتییانە دەبنەوە کە فشار لە مناڵەکانیان دەکەن. کۆمار (republic) دەبێتە دڵسۆز و میهرەبانی دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو و ناوەکی زەینی مەدەنی و ژیان لە کۆمەڵگەدا. دووەمیان دەبێتە «خێڵێکی گەورە لە خەڵکی ستیگماتیزەکراو.» هەمووان سروودی **کۆیلە** و **کۆڵۆنی** دەڵێنەوە. "سەردەستەکان" لە هەموو شوێنێکن و هەلومەرجی "**بندەستەکان**" تەنیا بەرهەمهێنانی داهات نییە بەڵکوو دەبێتە شتێکی زگماکی و بۆماوەیی. پاسکاڵ لە لاپەڕەی 85دا دەڵێت: «چەوساوەبوونی زەوی[2] دەبێتە پیشەیەکی بە میرات وەرگیراو.» کۆمەڵگەکانی ئێمە لەبەردەم زۆرێک لە چەرمەسەرییە کەڵەکەکراو و ڕیزکراوەکاندا، چیتر ناتوانن دڵخۆشی قبوڵ بکەن، چونکە هەموو چەرمەسەرییەک ئێستا جۆرێک **نادادپەروەرییە**...

کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان پڕن لە پێشبڕکێی جۆراوجۆر کە لەسەر قوربانیبوون وەستاوە. بۆ نموونە " دزەکانی ئازار" ئێستا لەهەموو کات زیاتر دەیانهەوێت چەمکی "جینۆساید" لە بەرژوەندیی خۆیان بەکاربهێنن. ئەو نیۆلۆژیزمەی کە لە ساڵی 1943 لەلایەن مافناس ڕافائێل لۆمکین داهێنراوە تا پرۆسەی لەناوچوونی بایۆلۆژیکاڵ و فیزیکیاڵ ڕوون بکاتەوە کە بریتی بوو لە پرۆسەی شۆوا[3] (Shoah). بەبڕاوی پاسکاڵ برۆکنێر، وەرگرتنی میراتی جینۆساید لەلایەن بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان، لەو مەیلەوە دێت کەوا تیایدا جوو دەبێتە بەرامبەرێک بۆ لەناوبردن و شۆوا دەبێتە «سکرینی تاوان کە دەبێت لە جووەکان بدزرێت» (لاپەڕەی 96). ئەم داگیرکردنە دڕندانەیە لە بەکاربردنی لەڕادەبەدەری چەمکی جینۆساید لەلایەن ڕێکخراوەکانی پاڵپشتی فەڵەستینیەکانی دژبەری سوپای بەرگری ئیسرائیل، بەئاشکرا دەبینرێت. پاسکاڵ برۆکنێر هەمان دەستبەرسەرداگرتن لە بیرکردنەوەی دیکۆڵۆنیاڵیشدا دەناسێتەوە کە تیایدا «کۆڵۆنیاڵیزم و کۆیلەداری هاومانای لەناوبردنی سیستماتیکی خەڵکانێکە.» کەواتە گرنگی باسی هۆڵۆکاست لە مێژووی درێژی ئێمپێریاڵیزمی خۆرئاوادا گەیشتۆتە بچووکترین ئاست. بەمجۆرە تاوانی کۆڵۆنیاڵ ناسڕدرێتەوە و قسەکردن لەسەر کۆڵۆنیاڵیزم دەبێتە شارەفتار و پیشەی سەرەکی کە ڕیشەی لە نێو دۆخی قوربانی هەمیشەییدا داکوتیوە. برۆکنێر دەنووسێت: «بڕیار وایە تاکەی باجی هەڵەکانی کۆڵۆنیاڵیزم بدەین، ئەوکاتەی کە جەزاییر بۆ ماوەی سێ سەدە داگیرکراوی تورکەکان بووە و تورک ئێستا هیچ ئەرکێک لەسەر شانی خۆی ناناسێت (لاپەڕەی 188). بە تێپەڕینی زیاتر لە شەست ساڵ لە سەربەخۆیی وڵاتەکەی، سەرۆککۆماری ئەلجەزاییر، عەبدولمەجید تەبوون، هێشتا باسی "سیاسەتی وێرانکەری کۆڵۆنیاڵیست" دەکات.

هیتلەر دەبێتە حەقیقەتی فەڕانسا و خۆرئاواش؛ بەمجۆرە پووتین ئۆکرانییەکان بە "نازییەکان" دەناسێنێت و لە ئاستێکی بێنرخدا "پیاوی سپی" دەبێتە تۆمەتباری "جینۆساید" و "تاوانی بەکۆمەڵی باوکسالارانە" کە چەندین سەدەیە مەحکوم دەکرێت. پاسکاڵ برۆکنێر لە لاپەڕەی 194ـی کتێبەکەیدا بیرمان دەخاتەوە کە: «**وۆکیزم**، ئەم دینە ئاکادێمیکە -بە دەربڕینی ژان فرانسوا براونشتاین- لە ئەمریکاوە، ژن و پیاوی سپیپێست و جووەکان، لە لەدایکبوونەوە بە نەژادپەرست دەناسێنێت، هەر هەوڵێکیش بدەن بۆ دەرچوون لەم کارەساتە [سوودی نییە] !»

ئێمە لەبەردەم زەرووەرەتی ئەم پۆڵینکارییە نوێیەی هزری قوربانیخوازیدا چیمان پێدەکرێت؟ چۆن لەگەڵ برینەکانمان بژین؟ برۆکنێر پێشنیاری ڕووبەڕووبوونەوە دەکات. یەکەم: **وەستان دژی درۆ**. بازرگانەکانی "فەیک نیوز" ژمارەیان لە ناو جەرگەی ئەو دیکتاتۆرییانەی کە دەیانهەوێت دامەزراوەکانی دێمۆکراسی پلۆراڵ ناسەقامگیر بکەن، ئێجگار زۆرن. فەڕانسا، بریتانیا و ئەمریکا بینیویانە کە چۆن هەڵبژاردنەکانیان بە هێرشی زانیاری ناڕاست کێشەی تێکەوتووە. دیکتاتۆرییەکان سوودێکی گەورە لە هاوڕەنگسازی و نکۆڵیکردن وەردەگرن. وەستان دژ بە قوربانیخوازیی دەبێت دژایەتی شاردنەوە و درۆ لە خۆبگرێت. بۆ نموونە، ڕاپۆرت لەبارەی کوژراوە مەدەنییەکان لە غەزە کە لەلایەن "وەزارەتی تەندروستی"ـی سەر بە حەماس بڵاو دەکرێتەوە، دەبێ خەباتێکیشی لەگەڵدا بێت کە سەرچاوەی ئەم ڕاپۆرتە ڕۆژانەییانە بسەلمێنێت. زوڵملێکراو هەموو مافێکی هەیە، هەروەها ئەو مافەشی هەیە کە خۆی لە ڕێسا بنچینەییەکانی حەقیقەت دەرباز بکات!

سەرەڕای خەبات بۆ حەقیقەتی ئازاری سەپێنراو، دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە گرنگ و جەوهەرییە و لەخۆیدا هەڵگری ڕێگەکانی دەربازبوونە لە ئازاری جینۆساید. دادگای نۆرنبێرگ، دادگای گاکاکا لە ڕوواندا، دادگای ڕاگوزەر لە سلڤادۆر، دادگای سزای نێونەتەوەیی لاهای، هەموویان ناوەندی دادخوازین بۆ ناسینی ئازار و کەمکردنەوەی، لە ئاستی هێماییدا؛ لە ڕاستیدا یادکردنەوەی بەکۆمەڵیش بۆ ناسینی ئازار و کەمکردنەوەیەتی، بەڵام هیچکام لەم کەرەستانە بۆ سارێژی برین لە سوودی سیاسی و هەژموونخوازیش دوور نین. پاسکاڵ برۆکنێر پێمان دەڵێت کە «تاکە ڕێگە بۆ سارێژی تاوانەکانی ڕابردوو ڕێگرییە لە دووبارەبوونەوەی لە کاتی هەنووکەدا.» لەبری پاراستنی ئازار وەک میراتێکی کەمتازۆر قارەمانانە و پڕبایەخ، بۆ کۆمەڵگەکان و تاکەکانیش، دەرچوون و "وازهێنان لە خووی شەهیدخوازیی" بۆ چوونەنێو ڕێساکانی ئازادی گرنگە. (لاپەڕە 270)

کاتێ ئەم کتێبە جوانە دادەخەین، وانە گەورەکە کە دەبێت لەبیری نەکەین: ئەوەیە کە لەبەردەم هەموو کۆیلەیەتییەکی خۆبەخشانە یان خۆنەویستانەدا، ستەملێکراو یان قوربانی دەبێت ئازایەتی بەکارهێنانی تێگەیشتنی خۆی بۆ بەرپرسیارییەتی هەبێت، چونکە هەر ئەم بەرپرسیارییە گەرەنتی ئازادی دەکات. ئایا نێلسۆن ماندێلا، قوربانیی ئەپارتاید و بیستوحەوت ساڵ لە بەندی ئەفریقای باشوور نەبوو کە نووسیبووی: «ئێمە هێشتا ئازاد نین، ئێمە ئازادیی ئازادبوونمان دەستکەوتووە.» (ڕێگەیەکی درێژ بەرەو ئازادی 1996) ؟ بۆ دەرچوون لە حاڵەتی "ئەشکەنجەی فەرمی" وەکچۆن پاسکاڵ برۆکنێر لە گەشتێکی ئازایانەدا بانگهێشتمان دەکات، دەبێت «نەلکێین بە

خۆمانەوە و خۆمان لەو بازنە بچووکە خۆشەهیدزانانەدا کە تا ئاستی هێپنۆتیزم مەست بووە، قوفڵ نەکەین» (لاپەڕە 287).

ئازار وەک خۆبەندکردن نییە لەماڵەوە، ئازار شوناس نییە. من ئازار دەچێژم کەواتە هەم...نەخێر، من ئازار دەچێژم کەواتە دەژیم... قوربانی مافی ئەوەی هەیە ڕابردوو تێپەڕێنێت.

---

سەرچاوە:

https://decolonialisme.fr/en/je-souffre-donc-je-suis/?utm_source=chatgpt.com

Pascal Bruckner،

پاسکاڵ برۆکنێر، نووسەر و فیلسووفێکی فەڕانسییە کە لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانەوە ناسراوە. زۆربەی کارەکانی لە خۆگرتووی ڕەخنەیە لە کۆمەڵگا و کەلتووری فەڕانسی.

## پەراوێزەکان:

1 Je souffre donc je suis: portrait de la victime en héros Paris, Grasset, 2024, p.318.

2 ئاماژەیە بە کتێبەکەی فرانتس فانۆن بە ناوی "چاوەساوەکانی زەوی".

3 ئاماژە بە کوشتاری جووەکان.